# ڕۆژنامەی ئاوێنە وەک سەفیری قەڵەندەریی نەتەوەیەک

**عەلی سەعید**
**ئەڵمانیا**
alisaiid2006@yahoo.com

ڕۆژنامە تەنها هەر چەند لاپەڕە و کاغەزێکی ڕەشکراوە نییە کە هەر ماوەی جارێک دەربکرێت و هەواڵ و وتار بڵاوبکاتەوە. ڕۆژنامە دەزگایە. دەزگایەکی سەرکەوتووی ڕۆژنامەگەرییش گەر خاوەن ڕۆژنامەنووسی چالاک و شارەزا بێت، ئەتوانێت ئەو سنوورە بەرتەسکەی هەواڵدەرییە ببەزێنێ و مەهامی ڕۆشنبیریی گەورەتر بەجێ بگەیەنێت. ڕۆژنامەی ئاوێنە ئەم چەند ڕۆژە نموونەیەکی ئەم جۆرە کارکردنەی بەم ئاسۆ فراوانەوە پیشان داین. هەموومان بینیمان کە ڕێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی کە ڕەنگە گەورەترین ڕیکخراوی مرۆڤدۆستی جیهان بێت لەڕیگای ئاوینەوە داوای لێبوردنی لە کورد کرد (بروانە لاپەڕە 6ی ژمارە 59ی ئاوێنە).

ڕاستییەکەی من خۆم ئاوێنەم بەو چاوەوە نەدەبینی کە ئاوا ڕۆژێک لە ڕۆژان ئیعتبارێکی وا گەورە بۆ خۆی بپچڕێت. هەر بۆیە بەشێوەیەک شۆک بووم کاتێک لە هەواڵەکانی سایتی ئەلکترۆنیی ئاوێنەدا تایتڵەکەم بینی کە نوسرابوو: ڕێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی لەڕیگای ئاوێنەوە داوای لێبوردن لە کورد دەکات. سەیرکەن ڕۆژنامەیەک ئەم دەسکەوت و ئەم ئیعتیبارە بەدەست دێنێت، کەچی چەنان حیزب و دامودەزگای سیاسیی و حکومەت و پەرلەمانمان هەیە و تا ئێستا بۆ نموونە بۆ کێشەی گەورە و تراژیدیای ئینسانیی گەورەی هەڵەبجە نەیانتوانیوە دانپیانانێکی خاچی سوور بەدەست بێنن بەوەی کە درێغییان کردووە لە یارمەتیی دانی بریندارانی کیمیابارانی هەڵەبجەدا و یان هەر ئەسەفێک دەرببڕن و داوای لێبووردنێک لە نەتەوەی کورد بکەن.

ئاوێنە نموونەی شێوازی کاریکردنێکمان پیشان دەدات کە دەزگا نەتەوەییە گەورەکانمان ئەتوانن پەڕۆیەک لەوەوە دادرن. هەستیاریی نەتەوەیی ئاوێنە وای کردووە کە سەرنجی بچێتە سەر ئەوەی کە "دامودەزگا حکومی و مەدەنیەکانی نەرویج وەک تەواوی وڵاتە ئەوروپیەکانی تر، زۆرجار کورد وەک عێراقی یان هاوڵاتی وڵاتەکانی تر ناو دەبەن. لەباشترین حاڵەتدا وشەی کوردەکان بەکار دێنن". خاچی سووریش لە نەورویج پرۆژەیەکی هەیە و ئەو پرۆژەیە سێ ساڵە لەجێی کورد ناوی کوردستان بەکار دێنێت. وەک دیارە کوردەکانی نەرویج لەو ناوهێنانەی کوردستان قەڵسن. بێگومان لەناو ئەو کوردانەدا کەسی نەتەوەیی و خەباتکاری کوردایەتی هەیە، بەڵام ئاوێنە بە درکی ئەو حەقیقەتەی کە ڕۆژنامەی گەورە دەتوانێت ڕۆڵی دەزگایەکی نەتەوەیی گەورەش بگێڕێت، هەر خۆی دەستپێشخەری دەکات و دۆزەکە دەگرێتە ئەستۆ. وەک دەردەکەوێت پەیامنێری ئاوێنە چەند مانگی لە کاتی خۆی تەرخان کردووە بۆ نووسینی ئەو ڕیپۆرتاژە و ئینجاش بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی ڕۆشن لەبەرچاوی بووە کە گۆڕینی وشەکە و بەدەستهێنانی داوای لێبوردنی ڕیکخراوێکی بە هەیبەتی وەک خاچی سوورە بۆ کورد.

ژنیکی کورد کە لە ڕیپۆرتاژەکەی ئاوینەدا دواوە. ئەگەرچی وەک لەوە دەچێت لەگەڵ شێوەی کارکردنی ئاوێنەشدا نەبێت، بەڵام دان بەو سەروەرییەی ئاوێنەدا دەنێت و دەڵێت کە "ئاوێنە یاریەکەی ئاشکرا کردووە دەنا خاچی سوور هەر بەردەوام دەبون لەو کارەی خۆیان". ئەم دانپیانانەی ئەم ژنە ئەگەرچی دڵێکی گەورەی لەپشتەوەیە، بەڵام دروستیی کارکردنی ڕۆژنامەکە لەسەر دۆزەکە و ئەهمییەتی دۆزەکە بۆ نەتەوەیەکی چەوساوەی وەک کورد نهێنی دروستبوونی ئەو دڵە گەورەیەیە. گەر ڕۆژنامە بە دروستیی بۆ دۆزی گەورەی نەتەوەییمان ئاوا دڵسۆزانە دوای چاککردنەوەی ئەو هەڵانە بکەوێت کە بە ناحەق بەرامبەر بە کۆمەڵێک خەڵک دەکرێت، ئەوا چاوەڕوانکراوە چەنان و چەنان کەسی تری کورد ئاوا دانی پیا بنێت و ئەو کاتە ڕۆژنامەگەریی ببێتە ئەوەی ڕۆژنامەی وا بداتە دەرەوە کە وەک دەزگایەکی دۆزە گەورەکانی خەڵکێکی ستەمدیدە کار بکات و لێرەو لەوێ دەستکەوتی نیشتیمانیی بەدەست بێنێت.

وەک ووترا، بەدەستهێنانی داوای لێبوردنی خاچی سوور بۆ کورد کەم نییە. هەمانشت ئەوەش گرنگە کە ئاوێنە وشەی کوردستانی پێکردن بە کورد، تا ئیتر ناوی کوردیش وەک ئەندامانی هەر نەتەوەیەکی تر لەڕاپۆرتەکانیاندا بێت. "وەک چۆن ناوی فارس،

عەرەب، ئەفغانی، هیندی و ئەفریقی" دێت ئاواش ناوی کورد بێت و وشەی کوردستان لەمەسەلەی چەوساندنەوەی کچاندا نەیەت. خۆ ڕاستە کە وا بۆ ماوەیەکی زۆر دەچێت خەڵکی کوردی دەرەوەی وڵات کاری جیدی بۆ ئەوە ئەکەن بڵێن خەڵکی کوردستانن و ووشەی کوردستان ئامادە بکەن و تەنانەت لە ئەوراقی ڕەسمیی خۆشیاندا ئەو ناوە ئامادە بکەن، بەڵام ئەم کارەی ئاوێنە بە هوشیارییەکەوە داوای کردووە کە کورد وەک یەکەیەکی سەربەخۆ، بەجیا لە جوگرافیای ئەرز مامەڵەی بکرێت. هەمانشت ئەم کارە کورد لە دۆکیومێنتە رەسمییەکانی ئەو پرۆژەیەدا کە سەر بە خاجی سوورە، هاوشان دەکات لەگەڵ ئەو نەتەوانەی کە سەربەخۆیی خۆیان و وڵاتی سەربەخۆی خۆیان هەیە وەک فارس و عەرەب. ئەمەش خۆی لە خۆیا سەرنج ڕاکێشانێکی خوێنەرانی ڕاپۆرتەکانی خاچی سوورە تا پرسیار بکەن کە بۆچی ناوی وڵاتی کوردەکان نەهاتووە و ئەمەش حەتمەن باسی بێدەوڵەتیی و زوڵملێکراویی خەڵکی کورد دێنێتە پێشەوە و چەنانی تر بەو باسە ئاشنا دەبن کە خەلکانێک هەن تەنها لەبەر ئەوەی زمانیان جیاوازە، چەنان تاڵی و سوێرییان چەشتووە و ڕەنگیشە ئەوکاتە تێگەیشتنێکیشیان لا دروست بێت بۆ ئەوەی کە بۆچی دیاردەیەکی دواکەوتووانەی وەک بەزۆر بەشودانی کچان تیایاندا سەریهەڵداوە. ڕاستە وشەی ئەفغانی و هیندی و ئەفریقی ناوی وڵاتەکەیانە، بەڵام ئاوێنە بەهوشیارییەوە ئەو کارێک دەکات نەتوانن بە کورد بوترێت کوردستانیی چونکە کارێکی وا هەموو کوردستان هەم وەک وشە و هەمیش وەک وڵاتی کوردان و ئینجاش خەڵکی کورد بە کاری وەک بەزۆربەشودانی کچانیان بارگاویی دەکات.

ڕەنگە کەسێک بڵێت ئەوەی کە ناوهێنانی کورد نەک کوردستان، یان ڕاستتر بڵێین هەوڵی ناشیرین نەبوونی وشەی کوردستان بە دیاردەی بەزۆربەشودانی کچ لە ڕاپۆرتێکی پرۆژەیەکی بچوکی خاچی سوور لە مەکتەبێکی فەرعییان لە وڵاتێکدا ئەوەندە گرنگ نییە. ئەمە قسەی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت بە شەو و ڕۆژێک ببنە دەوڵەت بێ ئەوەی بەساڵان کار بۆ ناساندن و جوانکردنی وێنەی ئەو خەڵکە بکەن کە ئەمان وەک نەتەوەی خۆیان سەیری دەکەن. ڕاستییەکەی بە بێ هەبوونی وەعییەکی زیندوو، بە بێ ئامادەیی بۆ کاری جیدییانە، نەتەوەیەک "لەپڕێ نابێ بە کوڕێ". سەیرکەن ئاوێنە ڕیپۆرتاژێکی بە چەند مانگ دروستکردووە و ئەو ماوەیە بەردەوام چۆتەوە سەر خاچی سوور و داوای وەڵامی لێکردوون و ئاوینە خۆیشی زانیویەتی کە ئەوان خۆیان لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەدزنەوە نەک هەر شتێکی تر. ئەم خۆدزینەوەیە هەر هەمان ئەو خۆدزینەوەیەیە کە ئەو ڕێکخراوانە کردوویانە لەئاست دانان بە هەبوونی نەتەوەیەکدا بەناوی کورد. بۆیە ئاوێنە ئەم دۆزەی بۆ گرنگتر دەبێت و کەم و زۆر دوای ئەم دۆزە ئەکەوێت و ڕیپۆرتاژێک کە لەنیازیدا بوو بیکات لاوەکی دەبێتەوە لای و جەختی دەچێتە سەر بەدەستهێنانی وەڵامی خاچی سوور کە ڕەنگە داوای لێبوردن بێت. هەر واش دەرچوو. پاش ماوەیەکی زۆر لەخۆدزینەوە و بەدواکەوتنیان لەلایەن ئاوێنەوە، ناچار "یەکێک لە بەڕێوەبەرانی خاچی سوور ڕاستەوخۆ" و بەزمانی خۆی داوای لێبوردن دەکات کە ناوی کوردستانیان بەهەڵە بەکار هێناوە لە پرۆژەکەیاندا و هەر بۆیەش لەڕاپۆرتی ساڵانەی چوارەمیاندا کاتێک باسی ئاماری بەزۆر بەشوودان دەکرێت لەنەرویجدا، ژمارەی بەزۆر بەشودانەکان کە لەلایەن خەڵکی کوردەوە کراوە هەر بەناوی خەڵکی کوردەوە دەنووسرێت و ناوی کوردستان لەسیاقی بەزۆر کچ بەشودان دووردەخرێتەوە. هەر ئەو بەڕێوەبەرە دوای ئەوەی کۆڵی دا و هاتە پای قسەکردن لەو مەسەلەیە، بیری ناچێت دان بە شێلگیریی ڕۆژنامەی ئاوینەدا و نوێنەرەکەیاندا بنێ، بۆیە "بێ ئەملاو ئەولا ڕودەکاتە ئامادەکەری ڕیپۆرتاژەکە و دەنوسێت: بەڕۆژنامەکەت بڵێ کە من خۆشحاڵم بەوەی تۆ لەو هەڵەیە ئاگادارت کردینەوە." ئینجا دەچێتە ژێرباری ڕاستکردنەوەی هەڵەکە و وەک یەکێک لە بەڕێوەبەرانی خاجی سوور کە دەزانێت ئاوێنە هەر وەک ڕۆژنامەیەک نا، بەڵکو وەک دەزگایەکی نەتەوەیی کار دەکات، لەڕێگای ئاوینەوە داوای لێبوردن لە گەلی کورد دەکات و بەڵێن دەدات کە ئەو هەڵەیە ئیتر دووبارە نەبێتەوە.

ئاوێنە لەم سیاقەدا دەبێتە سەفیری قەلەندەریی نەتەوەیەک و لە چوارچێوەیەکی نێونەتەوەییدا ناحەقییەک لەسەر کورد لادەبات و داوای لێبوردنێکیشی بۆ بەدەست دێنێت. بێنیە پێشچاو چەند ڕۆژنامەیەکی تری وامان هەبێت و هەر یەک لێرە و لەوێ چەند دانپیانانێکی وامان بۆ بێننەوە. هەر ئەم ڕێگایەیە بەرەو دانپیانانە گەورەکەمان دەبات کە خەونی هەموومانە: دانانان بە مافی هەبوونی دەوڵەت و دانپیانانی کوردستان وەک دەوڵەتێک لە ناوەندی نێونەتەوەییدا. ئەم دوو ڕستەیە ئەو دەریای خەونەیە کە هەموومان دەیبینین و ئەم سەروەرییەی ئاوێنەش دەرژێتە ئەو دەریایەوە. هەبوونی ڕۆژنامەی هەستکەر بەمەسئولییەت و جیدی لەدواکەتنی ئامانجەکانیاندا، فاکتۆرێکی گەورەی گەیشتنە بەو دانپیانانە گەورەیە. گەر ئاوێنە وا بەردەوام بێت، من ئەو هەیبەتەی تیا ئەبینم، زوو یان درەنگ، ڕۆژێک لەجێی ئەو هەواڵەی ئەمجارەیان لەسایتەکەیاندا، ئەو دوو ڕستەیەی سەرەوە وەک تازەترین هەواڵ بنووسێت.